بۆ فریشتە بچکۆلانەکەم

بۆ ئەو عەشقەی جوتێك باڵی پێ بەخشیم و

فێری کردم بفرم تاماڵی تۆ

# خوانی ئەستێرەکان

گۆران سدیق



ژەنینی ئەم تارە منی بەتۆوە گرێ دا

چونە ناو ئەم تابلۆ ڕەش و سپیانە

خەونێکی تر بوو بۆ هەڵگرتنەوەی شوێن پێکانت

بیرتە؟

لەیادت ماوە؟

ئەوە من بووم کەسی ترنا

کە توانیم دڵۆپ دڵۆپ بارانەکان لە ئاوی دەریاکان جیابکەمەوەو

بەکەشتیوانە پیرەکاندا بۆم ناردی

من بووم کەسی ترنا

بێگوێدانە شەریعەتە ژەنگاویەکانی ژیان

ڕووبارەکانم بردە سەر بەرزترین لوتکەو

لەبەردەم ئاوێنە بەساڵا چووەکاندا ڕووت ڕووتم کردنەوە

ئەستێرەکانم تێکڕا بانگ کردە سەر خوانی ئەم چیرۆکە

دەستی منداڵی و بارانم گرتوو

تا ناودڵت نەوەستاین .

## تەنها تر لە هەمووان

نزیك بووم لە سنوور

هێشتاکە لەو دیو سێبەری دار قۆخە پیرەکانەوە

گۆرانی باخەوانە ڕەنگ خۆڵەمێشیەکان بەردەوام بوو

نزیك بووم لە سنوور

مەراقم هەروەك و ڕووخسارم شپرزە

وەك جاران تەنها تر لە هەمووان

پڕبووم لە باخی غەمگین

**لە ڕەشەبای مردوو**

**لە دەریای خنکاو**

**پڕبووم لە پاڕانەوەیەك جیاواز**

**"خودایە هەمیشە ئەوت لە یاد بێت**

**باخچەکان ، بەهەشتەکان لە ڕۆحی ئەودا سەوزکە**

**مانگ فێرکە شەوانە لە بەردەم پەنجەرەکەی ئەودا بنویٚ**

**ڕۆژگارێکی جوانترو تازەتر، سالآنێکی بۆ بدۆزەرەوە کە تیایاندا**

**سەرگەردانی ، تەنیایی، بێ ئۆقرەیی بچووك بچووك بوبێتنەوە**

**وابکە  خودایە، تۆ وابکە**

**مەرقەدەکانی خۆتی بە نورەوە بە بۆنەوە بدەرێ**

**وەك فریشتەیەك**

**لەسەر باڵەکانت شوێنێکی بۆ چێکە"**

## سێبەرە قەد کراوەکان

**لە سنگی کام سێو ڕژایت؟**

**لە خەیاڵی چ ڕووبارێك جێمابوویت؟**

**لە فڕینی کام پۆلە باڵندەوە باریت؟**

**کام مێخەکی چاو تەڕ ڕێگای ماڵەکەمی پیشاندای،دەرگای ژوورەکەمی بە ڕووتا کردەوە؟**

**ئەی بچکۆلەترین فریشتەی هاوڕێم**

**کە هاتی ناوەخت بوو**

**بۆ تەماشا کردنی وێنەی ئەو ژنە نائومێدانەی**

**سێبەری پیاوەکانیان**

**لە ناو ئەو جانتایانەدا قەد کردبوو کە لێیان نوسرابوو**

**ئاڕاستەی خۆت لەگەڵ ئاڕاستەی" با"کان دیاری بکە**

## دوورترین باخ

**بەم خوێنەوە ڕۆیشتم**

**وەك ئەوەی لەتەمدا**

**خەنجەرێکیان لە پشتم چەقاندبێ**

**ئیتر لە توانامدا نەبێ لەبەردەم غەدری براکانمدا بوەستم**

نەهێڵم یەك بە یەك ئەو سێوانە بگرنە مانگ
کەتۆ بۆ شاردنەوەی برینەکانی من
لە دوورترین باخەوە هێنابوتن
بەم زامە قوڵەوە
وەك ئەوەی لە تەمدابم و
کەس گوێی لە هاوارەکانم نەبێ
لە تواناما نەمابێ ڕێ لە هاتنە ژوورەوەی ئەو ڕێگایانە بگرم
کە بە فیراق مین ڕێژ کرابوون .

## نابینا لە مەرزەکانەوە دێمەوە

بەرلە ڕۆیشتن
وێنەیەکی لە تاریکیدا گرتم
تا ئەو سەری کۆلآن
لە سەر یەك بەیەکی دەرگاکان بۆی نوسیم
لە ناو ئەم قەدەرە زبرانەی ژیاندا"
دانیشتن بە دیار ڕووت بونەوەی ئاوێنەکانەوە
کارێکی بێ ماناو پوچە
ڕێگایەك نیە بۆ من و تۆ
دەبێت بەم نائومێدیەوە
بە تەڕایی ئەم برینانەوە لە وەهمی ڕێگاکان بئاڵێین
تۆ نابینا
لەوسەری مەرزەکانەوە دێیتەوە
منیش سەرگەردان
ژیان دەگوزەرێنین
ژیان کە خوێنی بچکۆلەترین فریشتەی من و تۆ
تا ئەبەد بەدیوارە چڵکنەکانەوە
دەمێنێتەوە.

## ئاوها ژیان ناناسمەوە

ئەم گوناهە پڕ لە بەرائەتەی خۆم

ئەو گوناهە پڕ لە نورەی تۆ

دەخەمە سەر شانەکانم

وەك ئەسپێکی پیر

کە بیر لە مردنی خۆی بکاتەوە

ئاوها ژیان ناناسمەوە

سەفەر بە سەفەر

مارس بە مارس

لەگەڵ خۆم دەتبەم

دەچینە بەردەم دەرگای "با"کان

لەوێ

تۆ دواهەمین وێنەی خۆت بگرە

دواهەمین تابلۆی ڕەش و سپی

بە بزماریکی ژەنگاوی بە سنگی ئاسماندا هەڵواسە

منیش دوا نوسینی خۆم

دوا ڕوانینم

لە بەرامبەر بوخزی ئەو ڕۆژگارانەدا دەنوسم

کە بەدرێژایی تەمەن

جوتێك دەسکێشیان لە درك بۆ چنیم

بۆ ئەوەی نەتوانم، تا ئەبەد

دەستەکانت بگرم